# پێکەنینی گەدا

## لە ئاوێنەی ڕەخنە و بۆچووندا

**«دەقی سەرەکی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا»ی**
**حەسەن قزڵجی**

پێشەکی و پێداچوونەوەی:
هادی ح[illegible]بی

انتشارات آمیار

پێکەنینی گەدا لە ئاوێنەی ڕەخنە و بۆچووندا
«دەقی سەرەکی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدای حەسەن قزلجی»
نووسەر: حەسەن قزلجی
پێشەکی و پێداچوونەوە: هادی حەبیبی
دەزگای چاپ و پەخش: ئامیار
نرخ: ١٢٠٠٠ تمەن
ساڵ و نۆرەی چاپ: یەکەم- زستانی ١٣٩٥
تیراژ: ٢٠٠٠
شابک: ٩٧٨-٦٠٠-٨١٤٧-٠٦-٠

سرشناسنامه: حبیبی، هادی، ١٣٦٠
عنوان و نام پدیدآورنده: پێکەنینی گەدا لە ئاوێنەی ڕەخنە و بۆچووندا /نوسینی: حەسەن قزلجی/ پێشەکی و پێداچوونەوە: هادی حەبیبی
مشخصات نشر: سنندج، آمیار، ١٣٩٥
مشخصات ظاهری: ٢١٨ ص
شابک: ٩٧٨-٦٠٠-٨١٤٧-٠٦-٠
وضعیت فهرست نویسی: فیپا
یادداشت: کُردی
موضوع: داستان‌های کُردی-قرن ١٤
موضوع: *Kurdish fiction— 20th century*
موضوع: داستان‌های کُردی—تاریخ و نقد
موضوع: *Kurdish fiction— history and criticism*
رده بندی کنگره: ١٣٩٥ ٢٦ح ٧٤٥ PIR٣٢٥٦/
رده بندی دیویی: ٨فا٩/٢٣
شماره کتابشناسی ملی: ٤٢٧٩١٧٥

انتشارات آمیار

ناوەندی بڵاوکردنەوە: سنە، پاساژی عێزەتی قاتی یەکەم پەخشانگای ئامیار
تەلەفون: ٣٣١٥٣٦٢٥ -٠٨٧- ٠٩١٨٣٧٢١٦٩١

«مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە»

# ناوەرۆک


**پێشەکی** ........................................ ٩

دەلاقەیەک بەرەو جیهانی کورتە چیرۆک ........................................ ١٠

پێشەکی چاپی دووەم ........................................ ٢٦

[illegible] ........................................ ٣١

**پێکەنینی گەدا** ........................................ ٤١

پێکەنینی گە ........................................ ٤٣

عادەتی بازاڕ ........................................ ٥١

بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە ........................................ ٥٩

تاج و تەختی کوێخا هۆمەر ........................................ ٦٥

ئاغا وەجاخی ڕۆشنە ........................................ ٧٣

خەملی پەموو ........................................ ٨١

سەرفیترە ........................................ ٨٩

کەشکۆڵی جادوویی ........................................ ٩٦

شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ ........................................ ١٠٧

نووشتەکەی ئامینە خان ........................................ ١١٣

هێلکەی هادیخانی ........................................ ١٢٣

قوڕئانخوێندن لە جیاتی پارەی بەرتیل ........................................ ١٣٣


www.ketab.ir

نە دیداری حاجی، نە خەوی مزگەوت.................................... ١٤١

چای دیواخان.................................................................... ١٤٩

**ڕەخنە و بۆچوون............................................................ ١٥٧**

حەسەنی قزڵجی، شەپۆلی پێکەنین لە دەریای فرمێسکدا: محەمەد ڕەمەزانی....... ١٥٨

«پێکەنینی گەدا» و چەندێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆک: هادی حەبیبی...... ١٧٣

یاداشتێکی کورت بۆ بیرئانینی مامۆستا حەسەنی قزڵجی: عەتا نەهایی....... ١٨٧

مێرێک لە کەویژێک: فەتاح ئەمیری............................................. ١٩٤

سەبارەت بە مامۆستا حەسەنی قزڵجی: حوسێن شێربەگی...................... ٢٠٥

**فەرهەنگۆک.................................................................... ٢١١**

www.ketab.ir

## دەلاقەیەک بەرەو جیهانی کورتە چیرۆک

جیهانی پڕ ڕەمزوڕازی خەیاڵی مرۆڤ و هەروەها هزری پڕ لە پرسیار و بێ ئەنتەهای چ لە چاخی پێشوو و چ لە چاخی ئێستادا، بەردەوام ئەو بۆشاییەی تێدا بەدی کراوە، کە بەرهەمی خەیاڵکرد و لە هەمان کاتیشدا جۆراوجۆر لە خۆیدا جێ بکاتەوە. هیچ ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وەبەر چاو ناکەوێ، کە ڕۆحی مرۆڤی بە خۆیەوە نەهەژاندبێ و سەرنجی ڕانەکێشابێ. وەک دەبینین مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە کە بەهۆی تێگەیشتن و بیرکردنەوە، بەرەنگاری سروشت و دیاردەکانییەوە و بەرانبەر بە ڕووداوە نائاساییەکان، نارەزایەتی لە خۆی پیشان دەدا. کەوابوو سەرەتا، بیرکردنەوە تا دەگاتە دەربڕینی بابەتی لە خۆیدا سەرەتایەکی مەزنترە بۆ شۆڕشێکی هزری و ئەدەبی لە نێو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دنیادا. کورتە چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی، یەکێکە لەو بەرهەمە خەیاڵکردانەی مرۆڤ و لە ڕاستیدا شۆڕشێکی فکرییە، کە بە پێناسەی تایبەتی خۆیەوە، دەسپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە و تا هەنووکەش، بنەمایەکی بە هێز و کاروانێکی پڕخوێنەری لە ئەدەبی جیهانی، بۆ

www.ketab.ir

خۆی پێک هێناوە. بۆ ڕوانینێکی بەرفراوانتر لە پێناسە و مێژووی کورتە چیرۆک، بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەم ڕاستەقینەیە بسەلمێنین، کە کورتە چیرۆک، بەهرەیەکی زۆری لە سەرچاوەگەلێک بە ناوی چیرۆکی ڕەشۆک (*folk tale*)ی و ئەفسانە (*Legend*) وەرگرتووە. نکوولی لێ ناکرێ کە ئەم ژانرە ئەدەبییەش وەکوو ڕۆمان، دەسکەوتی هزریی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا و بە واتایەکی‌تر دیاردەیەکی غەربییە، کە لە چاو تەمەنی کەمی، زۆر زوو [illegible]ی سەرانسەر وڵاتی ئوورووپا و بەگشتی ڕۆژئاوا لە خۆ بکرێ، دواتریش، لەگەڵ هاتنە ئارای هەقیقەت‌گەرایی مۆدێرنەوە، بەرەوپێش چوونی خۆی بە ئەسپایی دەست پێ دەکا. ڕەنگە خوێنەری ئەم ژانرە ئەدەبییە، لە هەر گۆشەیەکی ئەو جیهانە بە بیستنی ناوی کورتە چیرۆک، بەرهەمی گەورە نووسەرانی ئەمریکای لاتینی وەبیر بێتەوە. ئەمریکای لاتین وەکوو زێدی کورتە چیرۆک، بە هۆی باروودۆخی گرنگی ناوچەیی وەک فرەنەتەوەیی بوون و هەروەها بە هۆی فەرهەنگ‌گەلی ناوخۆی جۆراوجۆر، وەک بۆشاییەک پێویستی بە زمانێکی هاوبەش بووە. سروشتییە کورتە چیرۆکیش ئەو دەسەڵاتە هونەریی و هزرییەی تێدا بووە، کە وەکوو زمانێکی هاوبەش بتوانێ سەرجەمی ئەو فەرهەنگانە، لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و پێکیان بناسێنێ. یان لانیکەم دەکرێ بڵێین، پردێک لە نێوان فەرهەنگ‌گەلی جیاوازی ئەمریکای لاتین هەڵبەستێ. بە ئاوڕێکی خێرا لە ڕابردووی کورتە چیرۆکی ئەم ناوچەیە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە- وەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکرا- سەرچاوەی بنەڕەتی و هەرە گرنگی سەرجەمی ئەو کورتە چیرۆکانە، چیرۆکی ڕەشۆکی ئەو ناوچەیەن،

www.ketab.ir

کە لە زمانی پاپۆڕەوان و ئەفسانە ویژەکانەوە بەیان کراون و تەنانەت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئوستوورەدا ساز کردووە.

ئوستوورە (*myth*) چیرۆکێکە کە ناکرێ سەرچاوەیەکی ڕوونی مێژوویی بۆ دەستنیشان بکرێ، بەڵکوو بە وتەی کارل یۆنگ، بابەتی ئوستوورە، ڕیشەی لە ڕابردووی هەموو نەتەوەیەکدا هەیە و ویکچوونی سەرجەمی ئەو ئوستوورانە بە یەکتر، لە ڕاستیدا نیشانەی ویکچوونی ڕابردووی نەتەوەکانە، کە دەسەلمێنێ هەموویان خاوەنی ڕیشەیەکی هاوبەشی مێژووییـن. لە هەرحاڵدا گرنگ ئەوەیە کورتە چیرۆک لە ئەمریکای لاتین، زۆر زوو قۆناغی نەریتی خۆی تێپەڕاندکات و بە تێکەڵ بوون لەگەڵ تەکنۆلۆژی جیهانی مۆدێرنـدا، تەنانەت لە سەر زانستگەلێکی وەک کۆمەڵناسی، ڕەوانکاوی و مرۆڤناسی و... یش، بە پێی پێویست کاریگەریی خۆی دادەنێ. نە تەنیا چیرۆکی ڕەشۆکی و ئەفسانە، سەرچاوەیەکی حاشاهەڵنەگری کورتە چیرۆکن، بەڵکوو لە بنەڕەتدا ئەو دوو سەرچاوە ئاماژە پێکراوە و هەروەها مەتەڵەکان و حەکایەتی گوێی ئاگردانیش هەر لە کۆنەوە، بەهرەیەکیان لە کورتە چیرۆک تێدا بووە. بەڵام بەو پێناسەیەی کە ئێمە ئەوڕۆ لە کورتە چیرۆکمان هەیە و بە تایبەت بەو پێکهاتە زانستی و فەنییەی کە بۆی دیاری کراوە، دەکرێ بکوترێ نموونە سەرەتاییەکانی ئەو ژانرە ئەدەبییە، لە ڕاستیدا بۆ ئاسەواری (ئێدگار ئالێن پۆ) لە ئەمریکا و هەروەها (واسیلی گوگول) لە ڕووسییە دەگەڕێتەوە. ئێدگار ئالێن پۆ کە خۆی لە کاریگەریی بزاڤی وڵاتانی ئورووپایی وەک ئاڵمان و ئینگلیس بێ بەهرە نەبوو، توانی کورتە چیرۆک

www.ketab.ir

وەک بیچم و شێوازێکی سەربەخۆ بە جیهانی ئەدەبی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئورووپا بسەلمێنێ. ئالێن پۆ بۆ یەکەم جار پێوەری فەننی و تایبەتی، بۆ کورتە چیرۆک دەستنیشان کرد و بەو بۆنەیەوە، کاریگەریی بە هێز و بەربڵاوی لە سەر ڕەوتی چیرۆکنووسیی دانا.

بەرچاوترین هۆی مانەوەی ئالێن پۆ لەو ژانرە ئەدەبییەدا ئەوە بوو کە ئەو بنەمایانەی، بۆخۆی وەکوو تایبەتمەندییەکی پێویست بۆ جیهانی کورتە چیرۆک باسی لێدەکرد، هاوکات لە ئاسەوارەکانیشیدا کەڵکی لێ وەردەگرتن و لەو ڕێگەیەوە وەکوو ڕچەشکێنێک، توانی تەکنیکی تایبەت بۆ جیهانی کورتە چیرۆک دابڕێژێ. ئالێن پۆ لەو دەگمەن نووسەرانەیە، کە لە دواییدا کەشوهەوای کورتە چیرۆک و هەروەها سەرجەم تەکنیکەکانی، کاریگەریی زۆر بەرچاوی لە سەر بەرەی داهاتووی چیرۆکنووسیی وڵاتی ئەمریکای لاتینیدا. تەنانەت ئەو کاریگەرییانە، بە سنوورەکانی وڵاتی ئەمریکاوە نەبەسترانەوە و لە فەڕانسەش بۆ یەکەمجار بە هەوڵی شارل بۆدلێر، کە لە ڕێی وەرگێڕانەوە، ئاسەواری ئالێن پۆی هێنا وڵاتی فەڕانسەوە؛ بە هێز بوونی ئەو کاریگەرییە بە تایبەت فەڕانسە و بەگشتی ئورووپاشی گرتەوە.

ئەگەر لە هەق لانەدەین، ئالێن پۆ خۆی، لە جیهانی چیرۆکەکانیدا زیاتر بۆ ئەوە هەوڵی دەدا، کە زۆرترین کاریگەری لە سەر بەردەنگ دابنێت و ئەو هەوڵەش، زۆرجار دەبووە هۆی دوورکەوتنەوەی نووسەر لە هەقیقەت. بە واتایەکیتر ئالێن پۆ، دان پێدا هێنان و دەرخستنی هەقیقەتی، زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵکوو زیاتر بە دوای زەقکردنەوەی ڕووداوگەلی نێو چیرۆکەکانییەوە بوو. هەر بۆیە پێم وایە زێدەڕەوی(*hyperbole*) لە

سەرجەم بەرهەمی ئالێن پۆدا، دەتوانێ وەکوو سەرەکیترین تایبەتمەندی، سەرەکیترین ڕۆڵیش بگێڕێ. بەڵام لە بەرانبەر ئالێن پۆدا، بە پێچەوانە بەرهەمی گوگول چیرۆکنووسی ڕووسی، بە تەواوی لەوپەڕی ڕاستەقینە و هەقیقەتخوازی دان. بە زێدەڕەوی نازانم ئەگەر بڵێم، یەکێک لە سەرچاوە ڕوونەکانی هەقیقەتخوازیی ڕووسی، هەمان کورتە چیرۆکەکانی گوگول بووە، کە قوناغێکی جیاوازی لە ڕەوانناسی ـ یە ڕەوانکاویی کردنی ڕۆحی کەسایەتی چیرۆکەکانی ـ هێنایە ناو مێژووی ئینسانی ڕووسییەوە. هەڵبەت ڕۆماننووسی وەک "تۆلستۆی" و "داستایۆفسکی"ش لە ئاسەواری خۆیاندا لەو سەرچاوە ڕوونە بێ بەهرە نەبوون. بەڵام دواتر لە جیهانی کورتە چیرۆکدا، چخۆف هاوکات لەگەڵ گی. دۆ. مۆپاسان لە فەڕانسە، هەقیقەتگەرایی ڕووسی گەیاندە لووتکە. کەوابوو لە دوای ئالێن پۆ و گوگول وەک شوێندانەرترین چیرۆکنووسانی جیهان، چخۆف لە ڕووسیە و مۆپاسان لە فەڕانسە، پەرە بە ڕەوتی چیرۆکنووسی لە ئەدەبی چیرۆکنووسیی جیهانی دەدەن و ڕئالیسم، دەبێتە سنووری هاوبەشیان. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە چیرۆکەکانی چخۆف، زۆربەی زۆریان لە ئەوپەڕی ساکاری دان و نووسراوەیەکی بە تەواوی ئاساین. هەر بۆیە لەو ڕوانگەیەوە چخۆف وەک نووسەرێکی ساکار نووس، کە لە هیچ تەکنیکێکی ئەوتۆ لە جیهانی کورتە چیرۆکەکانیدا کەڵک وەرناگرێ، بە هوێ سادە نووسییەوە، شۆڕشێکی نوێ لە کورتەچیرۆکدا پێک دێنێ و تەنانەت بۆ قوناغێکیش بێ، شوێن لە سەر نووسراوەی چیرۆکنووسانی ئەمریکا و ئینگلیس دادەنێ. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو شوێن دانانەش، کاریگەریی

www.ketab.ir

حاشاهەڵنەگری چخۆف لە سەر کەسایەتی وەکوو مانسفێڵد* لە ئینگلیس و هەروەها ئاندرسن لە ئەمریکایە. ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب و بە تایبەت ئەدەبی چیرۆکنووسیی ڕۆژئاوایی، بە تێکڕایی لە سەر ئەو باوەڕەن کە مانسفێڵد، لە ژێر کاریگەریی توندی نووسراوەکانی چخۆف دابوو. سامرست موام دەڵێ: «ڕاستە نوسەربوون بەشێک لە سروشتی مانسفێڵد بوو، بەڵام بێ گومان ئەگەر نووسراوەکانی چخۆف نەبوایە، چیرۆکەکانی مانسفێڵد لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا لە پێش چاومانن، زۆریان جیاوازیی دەبوو.» لە لایەکی ترەوە ئاندرسن بە ئیلهام لە چخۆف، نووسین بە زمانی ساکارتر بە شێوەیەکی بەرچاوتر درێژە پێدا و بە دوای ئەویشدا، ئێرنێست هێمینگوێ، بە هێنانە ئارای دیالۆگ لە کورتە چیرۆکدا، هەمان کردەی سادە نووسینی وەک ڕەگەزێکی چیرۆک، گەیاندە لووتکە.

کەوابوو دوای ئالێن پۆ و گوگول، بێجگە لە بەرەی ڕئالیست و لە هەمان حاڵ سادە نووس، لەگەڵ چخۆف دەست پێدەکات و وێڕای کاریگەریی لە سەر مانسفێڵد و ئاندرسن، بە هێمینگوێ خەتم دەبێ، ئێمە شاهیدی بەرەیەکی تری ڕئالیست، بەڵام بە وتەی سامرست موام بە تەواوی دراماتیکین، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مۆپاسان لە فەڕانسە. مۆپاسان وەک پێشڕەوی ئەو بەرەیە، یەکێکە لە پێشڕەوانی ڕئالیسم و پێناسەشی لەو مەکتەبە ئەدەبییە ئەوەیە کە: «ڕئالیسم یانی کەشف و باس کردنی ئەو بارودۆخەی، کە مرۆڤی هاوچەرخ تێیدا دەژی». خاڵی شیاوی سەرنج ئەوەیە،

---

* *Mansfield* (١٨٨٨-١٩٢٣)

www.ketab.ir

که ئەگەرچی مۆپاسان ماوەیەکی زۆر لە قوتابخانەی گوستاو فلۆبردا بوو، بەڵام هەرگیز بڕوای مامۆستاکەی نەسەلماند، کە پێی وابوو دەبێ هەویێنی ڕاستەقینەی بەرهەمی هەر نووسەرێک، دیاردەیەک بە ناوی ژیان بێ. بەڵکوو خوێندنەوەی خۆی لە ڕێالیسم، هەمان کەشفی بارودۆخی مرۆڤ و هەروەها ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بوو. مۆپاسان لە زۆربەی زۆری چیرۆکەکانیدا، وێڕای پاراستنی ڕوانینێکی ڕێالیستی بە دیاردەکانی جیهان و سروشت، ڕاوێژێکی پڕ لە تەوس دەکاتە ئەسڵێکی بنەڕەتی بۆ سەرجەم چیرۆکەکانی و ئەم ڕاوێژە، بە ڕاشکاوی بە بیچمی نووسراوەکانییەوە خۆیایە. لە هەرحاڵدا دەکرێ بڵێین مۆپاسان لە جیهانی کورتە چیرۆکدا خاوەنی تەکنیکی تایبەت بە خۆیەتی، کە دواتر دەبێتە دەسپێکێک بۆ ئاڵوگۆڕی زیاتر لە جیهانی ئەو ژانرە ئەدەبییەدا. ئۆ.هێنری، بێرت هارت و... لەو نووسەرانەن کە لە دنیای نووسینی خۆیاندا، بەهرەی زۆریان لە تەکنیکی مۆپاسان وەگرتووە. بێجگە لەوانەش دواتر چیرۆکنووسانێکی وەک ویلیام فاکنەر، جێمیزجۆیس و... هەرکام بە شێوەیەک، هونەری چیرۆکنووسی بەرەو پێش دەبەن و لە ڕاستیدا کورتە چیرۆک بەو لایەنگرانەوە، بە شێوازی جۆراوجۆر و هەروەها بە پێزتر، پێ دەنێتە نێو سەدەی بیستەمەوە. سەدەی بیستەمیش لە خۆیدا، سەدەی لێکۆڵینەوەی زیاتری هزری و لە دایک بوونی ڕوانگەی جیاوازی تێکەڵ بە فەلسەفە، بەرانبەر بە پێگەی ڕامیاریی و کومەلایەتی مرۆڤە. سروشتییە لەو سەدەیەدا، ئەرکی کورتە چیرۆک دژوارتر دەبێت و ئەم ژانرە ئەدەبییە، ناچارە بۆشاییەکانی مرۆڤی سەردەمی خۆی بە پێی پێویست پڕ بکاتەوە. ئەوی گرنگایەتی هەیە باسی لێ

www.ketab.ir

بکرێ، ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئێمە شاهیدی هاتنە ئارای دوو بزاڤی بە تەواوی جیاواز و دژ بە یەک لە جیهانی کورتە چیرۆکی مۆدێرن داین، کە هەوەڵ بزاڤ لەو دوو بزاڤە ئاماژە پێکراوە، زۆرترین بایەخ بە ڕواڵەتی کورتە چیرۆک دەدات و بە شوێن ئەزموونکردنی فۆرم یان قالبەوەیە. بە پێچەوانە بزاڤی دووهەم، لە ڕاستیدا بە ناخی بزووتنەوەیەکی ڕامیاریدا تێدەپەڕێت و ئاشکراتر بڵێم، لەو مەبەستەدا خۆی دەدۆزێتەوە. لە ئاکامدا کۆنتاکتی ئەو دوو بزاڤەش -بە تایبەت لە ئەمریکایەکی کە بە زمانی ئیسپانیا دیالۆگی لێ دەکرێ- دەبێتە هۆی پێکهاتنی شێوازی ڕیالیسمی جادوویی. هەرچەند بە هیچ کلۆجێ ناکرێ ئەو شێوازە، تەنیا بە سنوورەکانی وڵاتی ئەمریکای لاتین ببەستریتەوە. بەڵام بێ گومان نووسەرانێکی کە بۆ یەکەم جار، ناوی ڕیالیسمی جادوویی بۆ ئاسەواریان بە کار هێنرا، زۆرتریان تایبەت بە ئەمریکای لاتین بوون. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە "ئاستۆریاس" لە گواتمالا و "گارسیا مارکز" لە کۆلۆمبیا و "کارلۆس فۆئینتێس" لە وڵاتی مێکزیکدا بکرێ. "خۆرخێ لویس بۆرخێس" یەکێک لە گەورە چیرۆکنووسانی جیهان لە سەدەی بیستەم و هەروەها شوێندانەرترین چیرۆکنووسی ئەمریکای لاتینە، کە بە ڕوانینێکی فەلسەفی و ڕاوێژێکی پڕ لە تەوسەوە، جیهانێکی نوێ، لە کورتە چیرۆک ئەزموون دەکا. بۆرخێس هەر لە بنەڕەتدا لە جیهانی هەستی بە گومانە و بەرهەمەکانیشی، سەرانسەر گرفتن. یان باشترە بڵێم گرفتی چارەنووسی مرۆڤ، لە دنیای هەستین. بۆرخێس هیچ نەبێ لە نێوەرۆکی کورتە چیرۆکدا، توانی نوێخوازییەکی هزری بێنێتە ئاراوە و بە چەشنێک، لە نێوەرۆکی

کورتە چیرۆکی بەر لە خۆی یاغی بێ. بێ‌گومان ئەو نووسەرە بە ڕوانینی فەلسەفی خۆی، یان بە واتایەکی‌تر بە تێکەڵ کردنی زیاتری فەلسەفە لەگەڵ جیهانی کورتە چیرۆکەکانیدا، جار لەگەڵ جار نێوەرۆکی ئەم ژانرە ئەدەبییە، دەوڵەمەندتر دەکا. گرنگ نییە ئەو فەلسەفەیە، فەلسەفەی پڕ لە دوودڵی و گومانی خودی بۆرخێس، یان ڕوانینی نێهلیستی و گەمەی بە بێهوودە ژیانی ئالبێر کامۆ و هەر چەشنە فەلسەفەیەکی‌تر بێ. دیارە لەو هەڵکشانەی ڕەوتی چیرۆکنووسیی جیهانیدا، کە هەنگاو بە هەنگاو لە سەرجەمی چیرۆکەکانی ڕێمۆند کارڤێر و هاوچەرخانی و هەروەها ژیانی خەڵکی ئەو ڕۆژگارە نزیک دەبینەوە، بە ڕاشکاوی دەبینین کورتە چیرۆک، هەم لە ڕواڵەت و هەم لە نێوەرۆکدا، تیشکی هاویشتۆتە سەر ڕووداوگەلی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ژیانی خەڵک و بەو زەمانی حاڵی فەرهەنگ‌گەلی جۆراوجۆر، لە هونەری هاوچەرخدا ئەوەی کورد، کە بە داخەوە سەبارەت بە هۆگەلی جۆراوجۆر، بەشێکی ڕیشەدار و گرنگی لە ئەدەبی زارەکی لێ فەوتاوە، هەر لە بنەڕەتیشدا پێشینەی ئەدەبیاتی نووسراوەیی بەگشتی و نەسرنووسی وەک ڕۆمان و کورتە چیرۆک و شانۆنامە نووسی و لەو چەشنەی، بە تایبەتی زۆر کەمە. هەر بەو پێیە چیرۆکنووسیی کوردی لە خۆیدا، هونەرێکی کەم تەمەن و لاوە. دیارە مەبەست لەو نووسراوەیەش، مسۆگەر کردنی ڕۆڵی مامۆستا حەسەنی قزڵجی، چیرۆکنووسی مەزن و هەڵکەوتەی کورد، لە ڕەوتی هونەری چیرۆکنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. حەسەنی قزڵجی لە ڕاستیدا بزاڤێکی هزری و پێشکەوتووی، بە چەشنێکی بەربڵاو، بەرانبەر بە ڕووداوگەلی زۆر

باوی کۆمەڵگای کوردەواری، دەست پێکرد و وەستایانەش تێیدا سەرکەوتوو بوو. ئالبێر کامۆ دەڵێ: «چیرۆک فەلسەفەیەکە، کە دەکرێ وەکوو وێنە بکێشرێتەوە و ئەگەر بێتوو چیروکێک خاوەنی تێڕوانینێکی تایبەت نەبێ، ناکرێ ناوی چیرۆکی لێ بنێی.»

چیرۆکانی حەسەنی قزڵجی بە پێی ئەو پێناسەیەی ئالبێر کامۆ، بە تەواوی، چیرۆک و خاوەنی تێڕوانینێکی بەربڵاو و درێژخایەنن. ئەگەر بمهەوێ هەندێک بەرفراوانتر بڕوانمە بابەتەکە، دەبێ ئاماژە بەو ڕاستەقینەیە بکەم کە چیرۆکەکانی مامۆستا حەسەن قزڵجی، بەو جۆرە شێواز و زمان و داڕشتنەوە، بە تێکڕایی چێژێکی مرۆڤانەیان تێدا پارێزراوە، کە ئەو بابەتەش خۆی دیسان هەڵگری شیکردنەوەی زیاترە. زۆرجار لە کاک فەتاح ئەمیریم بیستووە کە دەیکوت: «ئینسان کاتێک مەتڵەبێک دەنووسێ، لە ڕستەیەکڕا بگرە هەتا پاڕاگراف و کورتە چیرۆک و ڕۆمان و هەرچی و هەرچۆنێک بابەت پێک بێنێ، هەست و چێژی ئەو نووسراوە، لە ژیانی خۆیڕا کەوتۆتە مێشکی. من پێم وایە چێژی چیرۆک لە مامۆستا حەسەنی قزڵجیدا، هەر لە زەمانی زۆر منداڵییەوە، لە دایکی یان لە کەسانی زۆر نیزیکی وەرگرتووە و دە مێشکیدا ماوەتەوە». بە پێی ئەو بۆچوونە، وەک سەرەتا دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە وڵاتی کوردەواری، خۆی وڵاتێکی پڕ لە بەیت و باو و چیرۆک و فۆلکلۆر و حەکایەتی جۆراوجۆر بووە، کە وەک ئەدەبی زارەکی و بەگشتی وەک ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردی، زۆرترین کاریگەریی لە سەر ئەدەبیاتی نووسراوەیی ئێمە، بە هەموو لقەکانییەوە داناوە. کەوابوو فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی کوردی، ئەدەبێکی بنەڕەتییە کە خاوەن یان تەمەنێکی دیاریکراو و ڕوونی

www.ketab.ir

نییە، بەڵکوو هەر لە کۆنەوە سنگاوسنگ لە پیرێژن و پیرەپیاوانی کوردەوە، ڕاگوێزراوەتە نێو بەرەی داهاتوو. گرنگ ئەوەیە لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نموونەی ئەو خاوەن ئەدەبیاتە لەگەڵ ئەوەی ناوی بۆ دیاری کراوە، وەک پێشەنگی بابەتەکەش، بە تەواوی ڕێزی لێ گیراوە و هەروەها پێگەی لە سەراسەری ڕۆماندا، پارێزراوە. بۆ نموونە "خاڵە نایەر" لە گوڵی شۆڕانی عەتا نەهاییدا، پیرەپیاوێکی بەساڵاچووە کە بەیتی لاس و خەزال، بۆ لاسی کوڕی وسووئاغا دەگێڕێتەوە. خاڵە نایەر کەسایەتییەکی [illegible] ڕۆمانە، کە پێوەندیی نەپچڕاوەی لەگەڵ سەرجەمی ڕووداوەکانی گوڵی شۆڕاندا هەیە. ڕۆمانی گوڵی شۆڕان تەواوی پرسیارە. پرسیار لە ژیان، پرسیار لە چارەنووسێکی ون بوو، پرسیار لە هەموو ئەو شتانەی کە ئاوات و داخوازییەکانی مرۆڤی تێدا بەرهەم دێن، بەڵام بە ناکامی بێشێل دەبن و هەڵدەوەرن. "دایە گوڵێ"ش دیسان کەسایەتییەکی مەزنە، کە تا ڕادەیەکی یەجگار زۆر، تەوەرێت(محوریت) بە ڕووداوە نەپچڕاوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەدا. دایە گوڵێ، سەمبولی هەموو ئەو چەوسانەوە و هەژارییانەیە، کە بە درێژایی تەمەنی خۆی، بە سەر هەر کەس و کار و لە هەڵسەنگاندنێکی بەربڵاو و جیاوازتردا، بە سەر خاک و نیشتمان و نەتەوەکەیدا هاتوون. دایە گوڵێ ڕەمزی فیداکاری ژنانە. ڕەمزی بەرپەرچ دانەوەی هەموو ئەو بێکەسیانەیە، کە ئەماریان داوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە بە چۆکیدا بێنن. نموونەیەکی بەرچاوی‌تر لەو چەشنە، "دایە خەیاڵ" یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانی بەرزی زیندەخەو، نووسراوەی فەتاحی ئەمیرییە. وتەکانی دایە خەیاڵ لە ڕۆمانی زیندەخەودا، بێجگە

لەوەی لە ڕاستیدا چەشنێک ئوستوورەن، لە ململانێ لە گەڵ وتەکانی ئازادیشدا، نیشان لە چەشنێک ناتەبایی نێوان نەریت و مۆدێرنیتەن. شتێکی کە وەک جیاوازیی نێوان ئەو دوو چەشنە کەسایەتییە، لە دوو ڕۆمانی گوڵی شۆڕان و زیندەخەودا پێویستە باسی لێ بکەم، ئەوەیە کە لە گوڵی شۆڕاندا، خاڵە نایەری بە سالآچوو، بێژەری بەیتی لاس و خەزاڵە. کەچی لە زیندەخەودا، ئەوە 'مەلی' ئەو کچە هەڵکەوتە و ڕوشنبیرەی کوردە، کە وەک نوێنەری نەوەی ئەوڕۆی کۆمەڵگای کوردی، بێژەری بەیتی خەج و سیامەند و دەروەست بوون بە جیهانی بەرزی ئەو بەیتەیە. بێجگە لەوە نووسەری زیندەخەو، دژوازییەکی ئاشقانەی زۆر شاعیرانە و ناسک، لە نێوان ئەوینی مەلی بەرانبەر بە ئازاد دەخاتە پێش چاو. دوودڵییەکانی مەلی لە خۆشەویستی ئازاد بەرانبەر بە نەشمیل و فەوزیەی ئامۆزای و ئەشرەف خانمی جیرانی، دووبارە دان پێدانان بە ناتەبایی نێوان نەریت و مۆدێرنیتەیە. ڕۆمانی زیندەخەو، پێناسەی پاراستنی نەریتگەلی بە کەڵک و لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵکشان بەرەو دنیای مۆدێرن و پێشکەوتووە. خەم و ئازار و خولیاکانی مرۆڤی هاوچەرخە، کە گەلێک جار بە زمانێکی ڕەشۆک(عامیانە)ی و بە شێوەی دەربڕینی ئەدەبی فۆلکلۆری و تەنانەت ئوستوورەوێژی، بە ناخی هەقیقەتەکانی ئەم چاخەدا ڕۆدەچێ. لە هەرحاڵدا باس لەوە کرا کە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی کوردی، زۆرترین کاریگەریی لە سەر بەرهەمی ئەدەبیاتی نووسراوەیی ئێمە داناوە. هەڵبەت نکوولی لەوەش ناکرێ کە شاعیر و نووسەری کورد، لەگەڵ دروست بوونی فەهمی ئەدەبی کوردیدا، کاریگەری زۆری لە ئەدەبیاتی وڵاتانی فارس و تورک و عەرەب

www.ketab.ir

بە تایبەت و لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە گشتی وەرگرتووە. بۆ نموونە شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک خانی و مەلای جزیری و نالی و سالم و کوردی و... بە شوێن‌وەرگرتن لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و... شێعریان کوتووە. یان گۆران شاعیری نوێخوازی کورد، بە وەرگێڕانی هەندێک لە ئاسەواری شێعریی فارسی و تورکی و عەرەبی و ناسیاری لەگەڵ ئەدەبیاتی ئینگلیسی، شێعری کوردی نوێ کردەوە. مامۆستا حەسەنی قزڵجیش وەک پێشڕەوی ئەدەبی چیرۆکنووسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک هەر نووسەرێکی‌تری کورد، وێڕای ئەوەی لە ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی کوردی، بێ بەهرە نەبووە، بۆ پێکهاتەی فەننی چیرۆکەکانیشی کەڵکی لە ئەدەبی بیانی وەرگرتووە. وەک دەزانین مامۆستا قزڵجی، وەکوو ئەندامێکی کۆمەڵەی ژ.ک، چالاکێکی فەرهەنگی و سیاسی ئەو بزووتنەوەیە بووە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، لە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەو وەخت وەک کوردستان و هەڵاڵە و... چالاکی بەرچاوی لە بواری ڕۆژنامە نووسی و فەرهەنگی لە خۆی نیشان داوە.

دەیجا سروشتییە کەسایەتییەکی وەها ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس، لە مەڕ سەرجەم ئاسەواری چیرۆکنووسی گەورەی فارسی وەکوو جەماڵزادە. ڕچە شکێنی کورتە چیرۆکی فارسی لە سالی (١٣٠٠)ی هەتاویدا- بە تەواوی زانیاریی هەبووبێ. یان بە واتایەکی‌تر کاریگەریی لە ئاسەواری ئەو نووسەرە و بەرەی نووسەرانی دوای ئەو، وەکوو سادق هیدایەت، عەلەوی، چووبەک، ئالی ئەحمەد، ئەحمەد مەحموود و... وەرگرتبێ. یان بە هۆی ئەوەی کە مامۆستا قزڵجی ماوەیەکی زۆر پەڕەوازەی بەغدا بووە، دوور نییە لەگەڵ

چیرۆکنووسانی گەورەی جیهانی عەرەب وەک مەحموود تەیموور (١٨٩٤ - ١٩٧٣) ڕچەشکێنی میسری کورتە چیرۆکی عەرەبی یان مەحموود تاهیر لاشین و دواتر بەرەی نووسەرانی دوایی میسری وەک یەحیا هەققی و نەجیب مەحفووز، کە ئەو بەرەیە زۆرتر بە سەبکی ڕیالیسم دەنووسن و هەروەها مەحموود عەققاد و تەها حوسێن، وەک نوێنەرانی (سەبکی) ڕۆمانتیک، ئاشنا بووبێ. یان تەنانەت لە خودی بەغدا، کورتەچیرۆک نووسانێکی وەک ئەنوەر شائوول، مەحموود ئەحمەد سەیید، زوننون ئەییووب، جیبرا ئیبراهیم جیبرا، کە لە بنەڕەتدا نووسەرێکی پەڕەوازەی فەلەستینییە و هەروەها لە لوبنان تەوفیق یوسف عەوواد، میخائیل نەعیمە و... هەرکام خاوەنی [illegible] جیاوازی کورتە چیرۆکن، کە گومانی ئەوە دەکرێ ماموستا حەسەنی قزلجی، کەم یان زۆر ئەو بەرهەمانەی خوێندبێتەوە لانیکەم لە داڕشتنی کەش و هەوا و پێکهاتەی چیرۆکەکانیدا، کەڵک و کاریگەریی لێ وەرگرتبێتن. هەڵبەت دیارە کاریگەریی وەرگرتن یان شوێندانان لە ئەدەبیاتدا، شتێکی بە تەواوی سروشتییە و هیچ نەتەوەیەک نابینین، کە کاریگەریی لە ئەدەبی نەتەوەکانیتر وەرنەگرتبێ، یان بە پێچەوانە شوێنی لە سەر ئەدەبی وڵاتانی دیکە دانەنابێ. حەسەنی قزلجی چیرۆکنووسی مەزن و پایەبەرز، لەو بلیمەتە ئەدەبییانەی گەلی کوردە، کە دەکرێ بڵێین سەرچاوەی کورتەچیرۆکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زۆرترین کاریگەری لە سەر بەرەی دوای خۆی داناوە. ئەگەر لە هەق لانەدەین چیرۆکەکانی ماموستا قزلجی، ئێستاش بنەمای خەسارناسیی ئازارەکانی کۆمەڵگای کوردین، کە دەسەلمێنێ نووسەر بە ڕوانگەیەکی تەواو کۆمەڵناسانەوە، چۆتە

ناخی تان و پۆی دەردەکانی کۆمەڵگاوە. ڕێمۆند کارویر (چیرۆکنووسی ئامریکایی) دەڵێ: «هەر نووسەرێکی مەزن یان تەنانەت هەر نووسەرێکی باش، جیهان بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی دەسازێنێتەوە.». بێ گومان تایبەتمەندییەکانی پێکەنینی گەدا، تایبەتمەندییەکانی خودی ژیانی حەسەنی قزڵجین. یان بە واتایەکی دی، کەش و هەوای چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا، لە ژیانی ڕاستەقینەی خودی نووسەر جودا نین. قزڵجی لە زۆربەی دەستپێک (*opening*)ی چیرۆکەکانیدا زۆر بە هێمنی، بەردەنگ دەباتە نێو ڕووداوی چیرۆکەکانییەوە. بە چەشنێک کە خوێنەر لە سەرجەم دەستپێکەکانی پێکەنینی گەدادا، هەست بە جۆرێک دیالۆگ لەگەڵ نووسەردا دەکا. سەرنج بدەنە ئەم دەستپێکانە: «بێ گومان پێت سەیرە، ڕەنگە لات وابێ هێلکە لە سەر واتەی خۆی نییە، یان هادی خان بۆیە جاڕووگەر هێلکەی کردووە...» یان: «دیسان ئەو ڕۆژەش بردبوویانە بێگار، مەودایان پێ نەدابوو. هەر لە تاوکەوتنەوە تا ئێوارە، بە درێژایی ڕۆژگاری بەهار ڕەتاندبوویان. کابرای گزیر سەری زمان و بنی زمانی جنێو بوو. زمانی دەتکوت چەقەنەی ئاشە، پەیتا پەیتا دەیهەڕاند و دەیگوڕاند...» یان: «ساڵێک لە ساڵان دێوی قات و قڕی و گرانی، باڵی ڕەشی بە سەر ناوچەی ژاوەرۆدا کێشا» و... وێڕای ئەوەی سەرجەمی ئەو دەستپێکانە لە ڕاستیدا ڕستەیەکی خەبەرین، زمانێکی ئەدەبی - تەنزاوییشان بە سەردا زاڵە، کە پیشاندەری توانایی نووسەر لە داڕشتنی سەرەتایی بابەتی چیرۆکن. هەڵبەت تەنز، هەوێنی سەرەکی زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدایە. دواتر حەسەنی قزڵجی لە چیرۆکەکانیدا و هەرکام

www.ketab.ir

بە چەشنێک، بە هێنانی ڕستەیەکی خەیاڵی (پێکەنینی گەدا)، وەسفی (عادەتی بازاڕ - بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە و...) دیالۆگ (کەشکۆڵی جادوویی)، پرسیاری (شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ و...) بابەتی کورتە چیرۆکەکەی درێژە پێدەدا و تەنانەت هەندێک ئیبهام و پرسیاری جۆراوجۆر، لە زەینی خوێنەردا دەئەفرێنێ، کە خوێنەر بە هزری خۆی دەبێ بە وەڵامی سەرجەمی ئەو پرسیارانە بگات. جا چ پرسیار لە مرۆڤ، فەلسەفەی ژیان، ستەمی ئاشکرا، چارەنووس و هەر پرسیارێکی‌تر بێ. هیچ کام لە چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا لە ڕوانگەی بابەتەوە، بە بێ لووتکە (نقطە اوج) نین و بێ گومان چاوی هیچ خوێنەرێکی کارامە و وردبین، لەم لووتکە ئەدەبییە بەرزانە، خافڵ نابێ. (پێکەنینی گەدا) بەگشتی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە لە ئەدەبی چیرۆکنووسیی کوردیدا، جێی شانازیی نەتەوایەتییە و تاقانە یادگارەکەی حەسەنی قزڵجی، دوای تێپەڕبوونی پتر لە نیو سەدە بە سەر مێژووی نووسینیدا ئێستاش ئاوێنەیەکی باڵانوێن لە فەرهەنگی نەتەوەیی و مرۆڤی ڕۆشنگەری ئێمەیە.

هادی حەبیبی
بۆکان - ژانویەی ٢٠١١ی زایینی